# دیالێکتەکانی زمانی کوردی

بێگومان هەردەنگێ کە دووبارە بکرێتەوە بەوی دی ناچێ و بە پێی تایبەتی کەسی قسەکردن لەوی دی ناچێ و شێوازی گوندی لەوی دی و شاری لەوی دی ناچێت.بەم پێیە ئەگەر جیاوازییەکە کەم بوو ئەوا شێوەزاری لێ دروست دەبێت و ئەگەر زۆر بوو دیالێکتی لێ پەیدا دەبێ.

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵە هۆیەك هەیە بۆ دروست بوونی شێوەزار و دیالێکت:

أ-تایبەتی کەسی.

ب-تایبەتی جوگرافی.

ج-تایبەتی مێژووی.

د.تایبەتی رۆشنبیری گشتی.

ه.تایبەتی فۆنۆلۆژی.

و.تایبەتی ڕامیاری .

ی.تایبەتی ئابووری.

ز.تایبەتی گۆڕانی سروشتی لەزماندا.

پەیدابوونی کۆمەڵێ دیالێکت لەهەر زمانێك دا شتێکی ئاساییە و هیچ زمانێك لەم بارە دوور نییە,بەڵام زۆربەی هەرە زۆری میللەتان دیالێکتێکی یەکگرتوویان بۆ خۆیان داناوەو پێی دەخوێنن و دەنووسن، بۆ یە ئێمەی کوردیش پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین بۆ پێکهێنانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو:

1-دیراسەکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە تایبەتی سەرەکییەکان لەرووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە،ئەمەش پسپۆری تایبەتی پێویستە و وشە لێکچووەکان بەکاربێنن و چارەی ئەوانی دیش بکەن.

2-دانانی فەرهەنگ بۆ ئەو وشانەی کە لە دیالێکتە سەرەکییە کوردیەکاندا جیاوازن.

3-دانانی لێژنەیەك بۆ هەڵبژاردنی ئەو وشە و زاراوانەی کە زۆربەی کورد لێیان تێدەگات.

4-بەستنی كۆڕو چاوپێكەوتن بۆ شارەزایانی زمان.

5-پەیڕەو كردنی ڕێبازی پشكنین و ڕێگا نەدان بەناوچە پەرستێتی یان ناوچە گەرێتی.

6-ئاوێتەكردنی هەردوو دیالێكتە گەورەكەی زمانی كوردی (كرمانجی ژوورو ناوەڕاست و سۆرانی و بادینی).

بەشێوەیەكی گشتی زمانی كوردی دابەش دەبێت بۆ چوار دیالێكتی سەرەكی هەر یەكێك لەم دیالێكتانەش دابەش دەبێ بۆ شێوەزاری ناوچەیی جیاجیا كە بریتین لە:

1-دیالێكتی كرمانجی ژوورو: زۆربەی كورد قسەی پێدەكەن و لەوانەش كوردەكانی توركیا (بایەزید و وان،چۆلەمێرگ،سعرەت،موش ،ماردین،دیاربكر،خەرپووت،ئەدیامان،غازیان تەپە،رۆژهەلأتی پارێزگای مەرعەش و سیواس،بەشی خواروی پارێزگای ئەرز ڕووم و قارس و كوردەكانی روسیا و سوریا و هەندێ لە كوردەكانی عێراق (دهۆك،زێباری ،ئامێدی،سنجار).

ئەم دیالێكتە زۆر فراوانە و كۆمەڵە شێوەزارێكی لێ بۆتەوە ،وەكو:

بایەزیدی:لە باكوورو باكووری رۆژهەلأتی دەریاچەی وانە.

هەكاری:باشوور و باشووری رۆژئاوای دەریاچەوانە.

-بۆتانی:دەوروبەری دۆڵی بۆتان،سعرەت،ئەرتوش،جەزیرە،دیاربكر(أمد).

-بادینانی:دهۆك، زیبار،ئامێدی،سنجار.زاخۆ،ئاكرێ،شێخان،شەنگال،مێرگەسوور.

-شێوەزاری ڕۆژئاوا:خەرپووت،ئورفە،عفرین،مەرعەش.

2-دیالێكتی كرمانجی ناوەراست: ئاخێورانی ئەم دیالێكتە لەباشووری هێڵی دیاریكراو كە جیای دەكاتەوە لە دیالێكتی كرمانجی ژووروو بلأودەبنەوە تاكو ڕووباری سیروان و خانەقین لە خواروو،لە ڕۆژهەلأتی بەرزاییەكانی حەمرین تاكو چیای سەهەند،بیجارو،ئەسەد ئاباد لە ڕۆژهەلأت.

ئەو هێڵەی كە دیالێكتی كرمانجی ژووروو لە كرمانجی ناوەڕاست جیادەكاتەوە،ئەمڕۆ هێڵەكە لە رۆژئاوای دەریاچەی (ورمێ)وە درێژ دەبێتەوە بەرەو باشووری رۆژئاوا بە باكووری شاری

(شـنۆ)تێدەپەڕێ ئینجا بەرەو(کێڵە شـین) لەسـەر سـنوری عێراق و ئێران و چـیای هەڵگورد درێژ دەبێتەوە بە شـێوەیەکی تەریب لەگەڵ رووباری رەواندز تاکو خالّی بەیەك گەیشـتنی لەگەڵ زابی گەورە و پاشان هێڵەکە لەباکوری زابەوە درێژ دەبێتەوە تاکو ڕێژگەی زێی دیجلە.

دیالێکتی کرمانجی ناوەراست بۆ ئەم شێوە زارانەی خوارەوە دابەش دەبێت:

-موکریانی :ناوچەی شنۆ ،نەغەدە،مەراغە،میاندواو،شاهین دز،سەقز،بۆکان،بان،سەردەشت)دەگرێتەوە.

-سۆرانی : ناوچەی هەولێر و دەوروبەری.

-ئەردەلانی: سنە ،بێجار،کنکور،روانسەر،باکوری ناوچەی جوانرۆ.

-سلێمانی: سلێمانی و دەوروبەری.

-گەرمیان: لەگەڵ شـێوەزاری سـلێمانی زۆر جیاوازی نییە،ناوچـەکانی کفری و قەرەتەپە و کرکوك دەگرێتەوە.

3-دیالێکتی کرمانجی باشـوور: ئەم دیالێکتەی زمانی کوردی بە درێژایی ڕێگای گشـتی نێوان قەسـری شـیرین و کرمنشـا و مەلایەر لەباکوور بلاّوبوونەتەوە تاکو دەوروبەری باکووری رۆژهەلاّتی کەنداوی عەرەبی لەباشـەر،هۆزە لوڕییەکانی نیشـتەجێی ئەم ناوچـەیە بە لوڕسـتان ناسـراوە،بۆیە لەهەندێ سەرچاوە ئەم دیالێکتە بە(لوڕ)ناوی هاتووە.

(لوڕی,لەکی و کەلهوری و بەختیاری و مامەسێنی وکوهگولی)

4-دیالێکتی گۆرانی : ئاخێورانی ئەم دیالێکتە دەکەونە قەسری شیرین و کرمنشا لەباشوور تا دەگاتە چـیاکانی هەورامان لە باکوور،لەسـەرچـاوەکانی ڕووباری سـیروان لە ڕۆژئاواوە تا کرمنشـا لە ڕۆژهەلاّت.گۆرانەکان لەم ناوچـەیە یەکێتیەکی هۆزایەتی پێك دەهێنن بەیەك دیالێکت قسەدەکەن کە دیالێکتی (گۆران)ە.هەروەها هۆزەکانی(هەورامان و ریجاب و کەندۆلە)لە نزیك کرمنشـا قسـەی پێدەکەن،هەروەها لقی ڕەسـەن لە هۆزی سـنجابی و گۆران و باجەلان و ئەو شـەبەکانەی کەلەباکووری (موصل) نیشتەجێن.

ئەم دیالێکتە چوار لقی لێ دەبێتەوە :

**أ-گۆرانی ڕەسەن : دانیشتوانی ناوچەی کرند و زەهاو و جوانڕۆ قسەی پێ دەکەن،هەروەها هەندێك لە کاکەییەکانی تاوغ و خێلەکانی زەنگەنە لە نزیك کفری.**